عێراق و عومان دانوستانی ئەمریکا و ئێران تاوتوێ دەکەن



وەزیرانی دەرەوەی عێراق و عومان لە میونشن هۆشداری دەدەن و جەخت لەسەر گرنگیی سەرکەوتنی دانوستانە ئەتۆمییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران دەکەنەوە، بە ئاوڕدانەوەی ئاگری بکات لەوەی ڕژهەڕاتی ناوەڕاست بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار بێوات.

شەممە 14ـی شوباتی 2026، وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لە ڕاگەیەندراوێکی بەاو کردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی داوە، فوئاد حوسێن، جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق لە پەراوێزی 62هەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، لەگەڵ بەدر بن حەمد ئەلبوسعیدی، وەزیری دەرەوەی عومان کۆبوونەوە.

بەگوترەی ڕاگەیەندراوەکە، لە کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا گفتوگۆیان لەسەر دواین پێشهاتەکانی دانوستانە ئەتۆمییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران کرد، هەروەها ئامادەکارییەکان بۆ گۆڕانکاری داهاتووی گفتوگۆکان تاوتوێ کران.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، هەر دوو لا جەختیان کردووە کە دەبێت دانوستانکانی ئەمجارەی ئەمریکا

و ئەران ئەرەنی بن، بە شێوەیەک کە خزمەت بە سەقامگیریی ناوچەکە بکات و ڕێگری لەوەی ڕژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار بڕوات.

وەزیری دەرەوەی عێراق پشتیوانیی بەغدای بۆ هەوڵەکانی مەسقەت دەربڕی لە ئاسانکاریکردن بۆ سەرکەوتنی دانوستانەکان و ڕێگای دیپلۆماسیی عومانی بەرز نرخاند لە لێکنزیککردنەوەی بۆچوونەکان و دوورخستنەوەی ناوچەکە لە ململانێ و گرژیی زیاتر.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق دەشڵێت: تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە دۆخی سیاسیی ناوخۆی عێراق؛ تێیدا فوئاد حوسێن باسی لە هەوڵەکانی لایەنە سیاسییەکان کرد بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی بەپێی ئیستیحقاقی دەستووری، لەگەڵ هەوڵەکان بۆ ووبەووبوونەوەی ئاڵنگارییە ئابووریەکان و پێشخستنی دەسپێکی گشپێدان.